## ئەنجومەنی ئەدیبان

بەرهەمەکەی ئەمر ئەمین فەیزی بەگ بە ناوی "ئەنجومەی ئەدیبان" کە بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە ئەستەموڵ چاپ کراوە، واهەیە یەکەمین کەشکۆڵە شیعری چاپکراوی کوردی و هەروەها یەکەم هەنگاوی کورد بێت بۆ چاپی مێژوویی ئەدەبی خۆی.

کتێبەکە نموونەی شیعری دەیان شاعیری زاراوەی سەرەکی زمانی نەتەوایەتیمان واتە کرمانجی خواروو و هەورامی گرتۆتە بەر، لە سالم و نالی و شێخ رەزاوە تا مەولەوی و حەسەن کەنۆش و شاعیرانی دیکەی وەک ئاهی و کوردی و ... هتد.

ئەنجومەنی ئەدیبان بەشی بۆکانیشی پێوەیە، ئەویش بە پارچە شیعرێکی ئەحمەدی کۆرە – کە دووهەمین پارچەی ناو ئەو کۆمەڵە شیعرەیە :

دڵبەرا! پەی رووی فیراقت دڵ دەناڵێ چون روباب

بەو دوو ئەبروی میسلی تاقت بەندی جەرگم بوو کەباب ...

ئەنجومەنی ئەدیبان بۆ جاری دووهەم لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە لایەن کۆڕی زانیاری عیراق (دەستەی کورد) ەوە لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە و سەرەتا و پەراوێزی زۆری بۆ نووسراوە، کە هەندێک جار هەڵە ئامێزن.

لە لاپەڕە ٢٣ و ٢٤ ی چاپی کۆڕی زانیاریدا ئەم زانیارییانەی خوارەوە سەبارەت بە ئەحمەدی کۆر لە پەراوێزدا نووسراون :

*٦. ئەحمەدی کۆر :*

*لە دێی "شێوە سماک" سەر بە ساباڵخ (مەهاباد) لە دایک بووە. بنەماڵەیان کورد و سوننی مەزهەب بوون. ئەم کورە نەخوێندەوار و چاوساغ بووە، پاشان بەهۆی چاو ئێشەوە کوێر بووە. بە منداڵی دەنگی خۆش و زیرەک بووە، خەریکی گۆرانی ووتن بووە خۆی هەڵبەستەکانی خۆی پێک هێناوە. ئەم زیرەکییە زگماکییە کردویە بە"شایەر" .*

*پاش ژن خواستن کچێکی جوان بە ناوی "لەیلا" و دوو کوڕی بووە بە ناوانی "قادر" و "محەمەد"، پاش ماوەیێ لە گوندی "شیوە سماک" ە وە بارئەکاتە دێی" عەمبار" . کوێخای دێ*

حەز لە"لەیلا"ی کچی دەکات و "ئەحمەد" نایداتێ و ئەیدا بە"رەسول موسا" ناوێکی خزمی خۆی. کوێخا زویر ئەبێ و لێ یان دەکەوێتە بەهانە. قادری کوڕە گەورەی لە ترسی بەهانەی کوێخا هەڵدێ و رووئەکاتە شاری سلێمانی و لەوێ دەمێنێتەوە.

ئەحمەدی کۆریش بەدوای کوڕەکەیا رووئەکاتە"سلێمانی" و لەوێ ئەکەوێتە دوای شێخێکی بەناوبانگ [رەنگە کاک ئەحمەدی شێخ، یا شێخ عەبدولکەریمی کەس نەزانی یەکەم، یا شێخ حەسەن قەرەچیوار بووبێ]، واز لە مقام و گۆرانی ووتن دێنێ و ئەگەرێتەوە بۆ سابڵاخ و لەوێ ئەکەوێتە هۆنینەوەی هەڵبەستی ئایینی و بەم جۆرە بە (شێخ ئەحمەدی کۆر) و (مەلا ئەحمەدی کۆر) ناوبانک پەیدا ئەکات، و پاش ماوە یێ هەر لە دێی"عەمبار" کۆچی دوایی ئەکات.

ئەم پیاوە ناوی باوک و باپیرانی نەزانراوە و مێژووی ژیانیشی نادیارە، تەنیا لە هەڵبەستێکی خۆی دا ووتویە:

گەر کەسێ کا پرسیارە

با بێ مەعلوم ئەو شمارە

چو لە هیجرەت یەک هەزارە

دوصەد و شەصت و بواج

ووشەی (بواج) بە ژمارەی ئەلف و بێی ئەبجەد ئەکات (١٢). دیارە ئەم پارچە هەڵبەستەی ساڵی ١٢٧٢ وتووە، و دەبێ بڵێین لە صەدەی سێزدەیەمی کۆچیبیا ژیاوە و جا لەبەر هەڵبەستەکانی دەبێ ناوبنرێ" هەستیاری شەیدای پێغەمبەر".

دیوانێکی پڕ لە هەڵەی"ئەحمەدی کۆر" کە تێکەڵە لە فارسی – عەرەبی – کوردی (ساڵی ١٣٤٤ فارسی – ١٩٦٥ زایینی) لە مەهاباد [خۆی ئەڵێ پاکستان] لە لایەن (محەمەد ئەمین میصری) یەوە چاپ کراوە و پێشەکییەکی پڕ لە ئەفسانە و قسەی پڕوپوچ ی بۆ نووسراوە، نە هەڵبەستەکان دەخوێندرێتەوە و نە پێشەکییەکەی.

ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجومەنی ئەدیبان، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عیراق(دەستەی کورد)، ١٩٨٣، بەغدا، ١٧٧ لاپەڕە کوردی.

# ئەنجومەنی ئەدیبان

بسم الله الرحمن الرحیم

## ( صدقو سلامت )

علم یقینو حیات سرمد
خوف خدایەو حب محمد

امین فیضی

تۆژینەوەی لیژنەی وێژەو کەلەپووری کوردی
ئەندامانی لیژنە :

د. احسان فوآد ، محمد جمیل الروژبیانی ،
د. کامل حسن البصیر ، د. بدرخان السندی
جمال بابان ، شیخ حسین خانقاە
عبدالستار محمد محمود ، عبداللطیف عبدالمجید گلی